Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

10.24271/jgu.2023.1010014

# كۆنترۆڵكردنی هەڵچوونی و پەیوەندی بە گونجانی پیشەییەوە لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لە شاری سلێمانیدا

صابر بكر مصطفى ، ژينۆ عزیز محمد

بەشی باخچەی منداڵان، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی

## پوختە

ئامانج لەم توێژینەوەیە، بریتییە لە زانینی پەیوەندی نێوان كۆنترۆڵكردنی هەڵچوونی و پەیوەندی بە گونجانی پیشەییەوە لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان،هەروەها زانینی ئاستی كۆنترۆڵكردنی هەڵچوونی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان، لە هەمانكاتدا زانینی ئاستی گونجانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان بە پێی هەریەک لە گۆڕاوەكانی [ڕەگەز- جۆری باخچە(حوكمی و ناحوكمی)]، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەش توێژەران میتۆدی وەسفی پەیوەندییان بەکارهێناوە، لە بەرئەوەی لەگەڵ ئامانج و سروشتی توێژینەوەکە گونجاوە و بەدیهێنەری ئامانجەکانی توێژینەوەیەکەیە.کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە سەرجەم بەڕێوەبەرانی شاری سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (2021-2022)، کە ژمارەیان (78) بەڕێوەبەرەو توێژەران سەرجەم کۆمەڵگەی توێژینەوەکەیان وەرگرت، ئامرازی توێژینەوەکە بریتیی بوو لە فۆڕمی ڕاوەرگری بۆ هەریەک لە گۆڕاوەکانی (كۆنترۆڵكردنی هەڵچوونی- گونجانی پیشەیی)، پێوەری كۆنترۆڵكردنی هەڵچوونی لە ( 42) بڕگە پێکهاتبوو ولە لایەن ( زیر شريف) بە زمانی کوردی ئامادەکرابوو، پێوەری گونجانی پیشەیی لە ( 48) بڕگە پێکهاتبوو و لە لایەن ( وسام عداد) بە زمانی عەرەبی ئامادەکرابوو. لە گرنگترین ئەوە ئامڕازە ئامارییانەی کە بەکارهاتوون بریتین لە (ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری، هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن، تاقیکردنەوەی ( T-test ) و ( ANOVA ). لەپاش دڵنیابوو لە ڕاستی و جێگیری پێوەرەکان ئەوە بە سەر نموونەی توێژینەوەکەدا جیبەجێکرا. بەمەبەستی چارەسەری ئاماری و شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان، توێژەران پرۆگرامی ئاماری (SPSS)ی بەکارهێناوە، لە کۆتاییدا توێژینەوەکە گەیشتنە ئەم ئەنجامانە،ئاستی كۆنترۆڵكردنی هەڵچوونی لە ئاستێكی بەرزدایە لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بە شێوەیەكی گشتی و جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نەبوو بۆ ئاستی كۆنترۆڵكردنی هەڵچوونی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر و مێ) و جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نەبوو بۆ ئاستی كۆنترۆڵكردنی هەڵچوونی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بە پێی جۆری باخچە. ئاستی گونجانی پیشەیی لە ئاستێكی بەرزدایە لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بەشێوەیەكی گشتی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نەبوو لە ئاستی گونجانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر و مێ) . جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نەبوو لە ئاستی گونجانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بە پێی جۆری باخچە. پەیوەندیەكی ڕاستەوانەی لاواز هەیە لە نێوان كۆنترۆڵكردنی هەڵچوونی و گونجانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی.

**Article Info**

Received: November, 2022

Revised: January, 2023

Accepted: April, 2023

**Keywords**

كۆنترۆڵكردنی هەڵچوون، بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان, گونجانی پیشەیی, باخچەی منداڵان.

**Corresponding Author**

## كێشەی توێژینەوەكە

دەستپێكی هەر توێژینەوەیەک بریتییە لە بوونی كێشەیەک، دیاردەیەک، یان بابەتێک کە سەرنجی توێژەر ڕادەكێشێت و بیرو هزەی داگیر دەکات، بە جۆرێک، کە ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی ئەو بابەتە بە گرنگ و پێویست دەزانێت بۆ ئەمەش ئەو كێشەیە، یان ئەو دیاردەیە لە ژێر ناونیشانی كێشەی توێژینەوە دەخاتەڕوو. کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە ئایا كۆنترۆڵكردنی هەڵچوونی پەیوەندی بە گونجانی

پیشەییەوە هەیە لەلای بەڕێوەبەرانی باخچەوە؟ یەکێک لەو هۆکارانەی کە وای کرد توێژەر هەستێت بە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، هۆکاری خودی بوو، واتە حەز و خولیای توێژەر بۆ باباتەکە و ئەنجامدانی پرۆسەکە بە گشتی، و هەروەها هۆکاری بابەتی بوو، بەو مانایەی توێژەر هەوڵ دەدات ئەوە بزانێت لەم سەردەمی جەنجاڵی و پێشکەوتنەدا هەڵچوونەکان ڕۆڵیان هەیە لەوەی گونجان ڕوودات لە دونیای کارو پیشەدا، و بە پێچەوانەشەوە دونیای کارو پیشە چ کاریگەریەکی دەبێت لە سەر هەڵچوونەکانی مرۆڤ.

لە ڕاستیدا ئەوە ڕون و ئاشکرایە ژیانی ئیمرۆ بێ پیشە و کار نابێت، واتە هەر تاکێک بە جۆرێک لە جۆرەکان تێکەڵاوی دونیای کارو پیشە دەبێت، بۆیە لەم تێکەڵاو بوونەدا دەبێت بتوانرێت گونجان بێتەدی لەگەڵ کارەکەدا. پیشە بەشێکی سەرەکی ژیانی هەموو تاکێکە، بوون بە بەڕێوەبەری باخچەی منداڵانیش پێگەیەکی کارکردنە کە تاکی بەڕێوەبەر بۆئەوەی بتوانێت ئامانجە تایبەت و گشتیەکانی پەروەردە بەدیبهێنێت دەبێت گونجانی هەبێت لەگەڵ کارەکەیدا و دەبێت ڕێبەرو ڕابەرێکی کارامەو کاریگەر بێت و کەسێک دابنرێت کە توانا و شایستەیی گونجاویان هەیە و لە گەڵ ماهیەتی گۆرانە پەروەردەیی و فێرکاریەکان هاوئاهەنگیان هەبێت، لێرەوە بەوە دەگەین کە بڵێن دەبێت گونجانی پیشەییان هەبێت، بەو واتایەی کە گەر گونجانی پیشەیی بونی هەبێت ئەوە ئامانجە دیاریکراوەکانی پەروەردە و فێرکردن وەدی دێن و لێرەدا کە کەسی بەڕێوەبەر بۆئەوەی ئەو گونجانە بهێنێتە ئاراوە وا پێویست دەکات کە ڕێکخستن بۆ هەڵچوونەکانی بکات بە جۆرێک بە پێێ هەڵوێستە جیاوازەکان و مامەڵە جیاوازەکان کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە بتوانێت دروسترین و باشترین ڕەفتار نیشان بدات تا دۆخەکان بە باشی کۆنترۆڵ بکات. لێرەدایە گرنگە بزانرێت کە بەڕێوەبەر تا چەند توانای ڕێ کردنی هەیە لە گەڵ ئەم دۆخە جیاوازنە و ئاستی گونجانی پیشەیی لە کوێدایە، لە بەرئەوەی ئەنجام دانی هەر ڕەفتارێک بە شێوەی ئۆتۆ کاریگەری دەخاتە سەر هەموو دەوروبەری ئەو بەڕێوەبەرە، هەر لە دەستەی کارگێریەوە بیگرە تا هەموو مامۆستایان و منداڵانی باخچە و هەریەکە لە خێزانی هەموو ئەمانەش، لەبەر ئەوەی ئەو پێگەیەی کە کاری بەڕێوەبردنی تێدا ئەنجام دەدات کاریگەری هەمە لایەن دادەنێت و پێویستی بە هەڵوێست و ڕەفتاری بەرپرسانە هەیە.

گەر هاتوو گونجانی پیشەیی نەبوو لە لای تاک وەک بەڕێوەبەر ئەوە ئامانجە پەروەردەیی و فێرکاریەکان دەستەبەر نابێت، هەروەها گروپی کارگێری باخچەی منداڵان ئەرکەکانی خۆیان بەباشی ڕایی ناکەن، واتە بە شێوەیەکی گشتی شێواندن و نارێکی دروست دەبێت، بەڵام بە بوونی ئەم گونجانە ئەوە ئامانجەکان بە جوانی بەدیدێن و کەشێکی ئارام لە ژینگەی باخچەکەدا دروست دەبێت. گونجانی پیشەیی و کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لە پەیوەندیدان لەگەڵ یەک، بەو مانایەی کە تاک گەر بتوانێت کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونەکانی خۆی بکات بە پێی وێستگە جیاوازەکان کە ڕووبەروی دەبێتەوە ئەوە دەکرێت لەگەڵ پیشەکەیشیدا سازانی هەبێت.

لەبەر ئەم هۆکارانە و لە ئەنجامی تێبینیکردنی توێژەر بۆ شێوازی کاری بەڕێوەبردن کە ماوەیەک لەو پۆستەدا کاری کردووە، بۆیە توێژەر هەوڵی داوە کە لەم بارەیەوە توێژینەوە ئەنجام بدات و و وەڵامێکی زانستیانە بۆ کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە بدۆزێتەوە، کە بریتیە لە:-

ئایا پەیوەندی هەیە لە نێوان کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی وگونجانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی؟

بەشەکانی پرسیاری سەرەکی کێشەی توێژینەوەکە:-

1- ئایا کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی لە چ ئاستێکدایە؟

2- ئایا گونجانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی لە چ ئاستێکدایە؟

**گرنگی توێژینەوەکە:**

هەر توێژینەوەیەکی زانستی بە پێی سروشتی خۆی و بابەتی توێژینەوەکەی گرنگی تایبەت بە خۆی هەیە. توێژەر لە ڕێگای ئەنجامدانی توێژینەوەوە هەوڵدەدات کێشە و ئاریشەکان بناسێنێت و بە دوای ئاست، هۆکار و چارەسەرەکانی ئەم کێشانەدا بگەرێت و لەگەڵ ئەوەشدا بەم توێژینەوەیە توێژەر دەتوانێت سەرنجی ئەوانەی ئارەزووی کاروباری پەروەردە دەکەن بوروژێنێت، لەوانەش بەرپرسان و سەندیکاکان و توێژەران، بۆ هەریەکێک لە گرنگی ئەم دوو گۆڕاوە کە توێژەر کاری لە سەر دەکات، لە لایەکی ترەوە زانینی کێشەکانی کاری بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان لە ناوەڕۆکی پیشەکەدا و هەروەها زانینی داواکاریەکانیان جا داواکاری کۆمەڵایەتی بن وەک خانووبەرە و باشترکردنی مووچە، یان داواکاری پیشەیی وەک باشترکردنی بارودۆخی کارکردن و چالاککردنی... یان داواکاری پەروەردەیی بن بۆ باشترکردنی لایەنە پەروەردەو فێرکردن. هەروەها سەرەڕای فرەیی توێژینەوەکان لە سەر دوو گۆڕاوی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی و گونجانی پیشەیی کە ئەنجام دراوە بەڵام نەبەستراوەتەوە، بە بەڕێوەبەرەوە، ئەمەش وایکردووە ئەم توێژینەوەیە ببێتە خاڵی دەستپێک بۆ لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو، بە تایبەت بۆ ژینگەی هەرێمی کوردستان و عراق بە گشتی.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە ئەم کارامەییە(کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی) کاریگەری جۆراوجۆری هەیە لە لایەنە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤ، کارلێکەکانی نێوان کەسەکان، تەندروستی دەروونی و تەندروستی فیزیکی و جەستەیی مرۆڤ( Dunham ,other 2008:248:) هەڵچوونەکان لە ژیانی تاکدا چەندین ڕۆڵ و ئەرک دەگێڕێت، وەک بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان کەسەکان و باشترکردنی تەندروستی و کاردانەوە چۆنایەتییەکان بە تایبەت مەعریفی، بەو پێیەی ڕێگە و شێوازی جۆراوجۆر هەیە کە تاک دەتوانێت لە ڕێگەیەوە هەستەکانی ڕێکبخات و دروست کردنی وێنایەکی زەینی و هەوڵدان بۆ گەشتن بە هەموو ئامانجە ڕێکخراوە تاک و کۆکان لە کاری بەڕێوەبردندا، پێویستی بە هاوئاهەنگی و کۆرەنگی تاکی بەڕێوەبەر هەیە لە کۆی کاروبارەکانیدا و بۆ وەدەیهێنانی ئەمەش پێویست بە زەینێکی ڕێکخراو و ئەهوەن هەیە، بە جۆرێک بتوانرێت ئامانجە دیاریکراوەکانی کار بەدیبێن و ئەوەی پێویست بێت ئەنجام بدرێت کە هەموو ئەمانەش ڕون و ئاشکرایە گرنگی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی دەردەخەن، هەروەک چۆن هەڵچوون بەشێکی دانەبڕاوی مرۆڤە و ڕۆڵ و کاریگەری خۆی هەیە(Purnamaningsih,2017:53) بەم شێوەیە کاریگەری هەست و سۆزە نەرێنییەکان دەردەکەوێت ئەگەر لە ڕێگەی ستراتیژییە ئەرێنییەکانەوە بە باشی ڕێک نەخرێن، کە دەبێتە هۆی جێگیربوون لە بەرامبەر تەحەددیاتەکاندا و بەدەستهێنانی سەرکەوتنە پەروەردەییەکان(Fredrickson,2003 :2015 ).

توێژینەوە ولێکۆڵینەوە جیاوازەکان جەختیان لەسەر گرنگی گونجانی پیشەیی کردۆتەوە لەدوو لایەنی سەرەکیەوە، یەکەم فەرمانبەر: ئەمەش بە تێڕامان دەربارەی گونجانی پیشەیی کە دەیخاتە ناو دەروونی تاکەوە لە ئەنجامی گیانی مەعنەوی بەرزەوە و تێرکردنی پێویستیەکانەوە دروست دەبێت و لە دوایدا سەردەکێشێت بۆ کێبڕکێ وداهێنان وچالاکی (سمیە،35:2020). و دووەم بەرهەمهێنان: هەرکاتێك گونجانی پیشەیی زیادی کرد، ئەوکات هەوڵ و کۆشش ئەنجام دەدرێت بۆ دەستکەوت و بەرهەمهێنانی زیاتر. (موسی، 65:2010).

ئاشکرایە کە گونجان واتە ڕازیبوون لەخود و هەبوونی ئارامی دەروونی و دڵنیابوون. هەستکردن بە توانای خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگە و کارلێککردن لەگەڵ کەسانی دیکەدا و ئەو ڕەوایەی کە کۆمەڵگا دایدەنێت، بە لەبەرچاوگرتنی ژینگە وەک ئامرازێک بۆ پرۆسەی تێرکردنی پێداویستییەکانی تاک کاتێک پاڵنەرەکانیان دەوروژێت. هەروەها گونجانی پیشەیی گرنگیەکەی لە دوو لایەن دەردەکەوێت یەکەمیان فاکتەر (هۆکار) کە گرنگییەکی زۆری هەیە لە گونجانی پیشەییدا، چونکە ئیلهامبەخشە لە تاکدا بە مۆراڵێکی بەرز بۆ بەدەستهێنان یان دەستکەوت وتێرکردنی پێداویستییەکان، ئەمەش پاڵنەرێکە بۆ دەستپێشخەری و داهێنان کردن. و دووەمیان دەرئەنجام: تا پیشەکە گونجاوی زیاتر بێت، زیاتر دەبێتە هۆی زیادبوونی بەرهەمهێنان، چ لە ڕووی چۆنایەتی و چ لە ڕووی چەندایەتییەوە، هەروەها پاشەکەوتکردنی هەوڵ و کات و تێچوون.(الزبیدی،320:2018) کەواتە بە پێی ئەم دەربڕینانە بێت گرنگی گونجانی پیشەیی بۆ تاکێک کە بەڕێوەبەری باخچەی منداڵانە ڕوون و ئاشکرایە. هەروەک چۆن بەڕێوەبەرایەتیەکانی پەروەردەی پێش قوتابخانە (باخچەی منداڵان) لە سروشتی قۆناغی تەمەنی منداڵەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەم قۆناغە یەکێکە لە هەرە گرنگ و مەترسیدارترین سەردەمی ژیانی مرۆڤ، بۆیە پێویستی بە چاودێری تایبەت هەیە بەلەبەرچاوگرتنی ئەو بارودۆخەی پێدا تێپەر دەبێت، هەروەها جیاوازی تاکایەتی لە نێوان منداڵاندا لەبەرچاو دەگرێت، ئەم قۆناغەش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە (عدس،.366:2009) بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان نوێنەرایەتی بەرزترین دەسەڵاتی کارگێری دەکات لە چوارچێوەی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی لە ناو باخچەی منداڵاندا، بۆیە بەرپرسی یەکەمە لە ڕادەی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە سیاسەتی خوێندنی باڵا دایدەنێت بۆ باخچەی منداڵان هەروەها بەرپرسە لە پەرەپێدانی بەرنامەکانی باخچەی منداڵان، هەروەها بەرپرسە لە ئاستی ئەدای ئەندامانی لەهەر کاتێکدا کە بکرێت، بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان دەزانن کە ئەوان بەرپرسن لە پلاندانان و دەرهێنان و کۆنترۆڵکردنی پرۆسەکە بۆ ئەوەی بەرپرسیاربن لە ئەنجامدانی پەروەردەکردنی منداڵ بە ئامانجی پەروەردەکردنیان بە پێ بنەماپەروەردەییەکان (حەمە،9:2021)

توێژەر وای دەبینێت کە ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ زانینی بارودۆخی ئەدای بەڕێوەبەرەکان لە کارەکانیان و هەروەها بۆ بینینی واقیعی پەروەردە لە باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی و هەروەها لە نزیکەوە بەرکەوتن بە پیشەی بەڕێوەبەری باخچەکانی منداڵان و زانینی گرنگترین ئاستەنگ و ئاستەنگەکانی بەردەم بەڕێوەبەر لەکاتی ئەنجامدانی کارەکانیدا، بەتایبەت نەبوونی ڕوونی و شەفافی سەبارەت بەوەی کە لەم سەردەمەدا گۆڕانکارییە پەروەردەییەکانی ئەمڕۆ چی دەخوازرێت.

لە ژێر ڕۆشنایی سەرچاوەو توێژینەوەکاندا توێژەر گرنگی ئەنجامدانی توێژینەوەکە لەم خاڵانەدا دەخاتە ڕوو:-

1- لەم توێژینەوەیەدا پێوەرێک کە هەڵگری تایبەتمەندی سایکۆمەتریە بۆ کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی و گونجانی پیشەیی دەخرێتە ڕوو بۆ بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان.

2- توێژینەوەکە گرنگە بۆ توێژەرانی بواری پەروەردەی و دەروونی لە داهاتوودا توێژەرانی ئەم بوارانە سودی لێوەردەگرن بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە.

3- توێژینەوەیەکی گرنگە بۆ دەوڵەمەندکردن و زیادکردنی سەرچاوەی زانستی، وەک توێژینەوەی پێشوو لە توێژینەوەی ئەکادیمیدا بەکاربهێنرێت.

4- توێژینەوەیەکی گرنگە بۆ لایەنی پەیوەندیدار لە وەزارەتی پەروەردە، بە دانانی کۆمەڵە پێوەرێک بۆ دیاری کردنی ئاستی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی و گونجانی پیشەیی بەڕێوەبەرانی ناوەندە پەروەردەییەکان و هەروەها کردنەوەی کۆمەڵە خولێک، بۆ زیاد کردنی ئاستی ئاگایی بەڕێوەبەران لە سەر چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی و گونجانی پیشەیی.

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە هەوڵی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەدایە:

ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی.

ئامانجی دووەم: زانینی جیاوازی ئاستی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بەپێی گۆڕاوی:

ا. ڕەگەز (نێرو مێ) .

ب. جۆری باخچە (حکومی و ناحکومی).

ئامانجی سێیەم: زانینی ئاستی گونجانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی.

ئامانجی چوارەم: زانینی جیاوازی ئاستی گونجانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بەپێی بەپێی گۆڕاوی:

ا. ڕەگەز (نێرو مێ) .

ب. جۆری باخچە (حکومی و ناحکومی).

ئامانجی پێنجەم: دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی وگونجانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی.

**سنووری توێژینەوەکە:**

سنووری بابەت: کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی و پەیوەندی بە گونجانی پیشەییەوە لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لە شاری سلێمانیدا.

سنووری مرۆیی: بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی لە هەر دوو ڕەگەزی نێرو مێ، لە هەردوو بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا (حکومی و ناحکومی).

سنووری کات: ساڵی خوێندنی (2022-2021).

سنووری شوێن: باخچەکانی منداڵانی شاری سلێمانی، لە سنوری هەر دوو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا (حکومی و ناحکومی).

**پێناسەی چەمک و زاراوەکانی توێژینەوەکە**

**کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی**

**پێناسەی (Gratz & Romer،2004):** بریتیە لە توانای ڕووبەڕوو بونەوەی هەڵچوونەکان ، و کۆنترۆڵ کردنی هەواڵە هەڵچوونیەکان، و وەڵامدانەوەی هەڵچوونەکانی بەرامبەر ، هەروەها کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی دەیگرێتەوە هۆشیاری و تێگەیشتنی هەڵچوونەکان و قەبوڵ کردنیان. و توانای بڕیاردانە لە سەر پاڵنەرەکان، و توانای بەکارهێنانی ستراتیژیەکانی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی بۆ چاکسازی کردن لە وەڵامدانەوە سۆزداریەکان بۆ گەشتن بە ئامانجەکانی تاک ( Gratz & Romer, 2004, 45) و **پێناسەی ڕێکاری:** بریتیە لەو نمرەیەی کە ئەندامانی نموونەی توێژینەوە لە وەڵامدانەوەیاندا لەسەر برگەکانی ئامرازی توێژینەوەکە کە تایبەتە بە پێوانەکردنی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی وەریدەگرێت.

**گونجانی پیشەیی**

**پێناسەی (ندى و العكر،2017):** برادی دەڵێت کە بریتیە لە پرۆسەیەکی داینامیکی و بەردەوام کە تاک پێی هەڵدەستێت، بە ئامانجی گەشتن بە گونجان و هاوئاهەنگی لە گەڵ ژینگەی پیشەو هاوپیشەکاندا و پارێزگاری کردن لێی ( ندى و العكر، 15:2017) و (فرج، 2001): گونجانی تاکە لەگەڵ دونیای کاردا. گونجانی تاک لەگەڵ ئەو هۆکارە ژینگەییە جۆراوجۆرانەی کە لە شوێنی کارەکەیدا دەوری دەدەن، گونجانی لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەم هۆکارانەدا ڕوودەدەن بەدرێژایی ماوەیەک، و گونجاوییەکەی لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی خۆیدا دەگرێتەوە، خودی کارەکە، گونجانەکەی لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخی بازاڕدا تایبەت بە کارەکە، گونجاوی لەگەڵ تواناکانی خۆی، لەگەڵ مەیلەکانی و لەگەڵ میزاجەکەی (فرج،74:2001) **پێناسەی ڕێکاری:** بریتیە لەو نمرەیەی کە ئەندامانی نموونەی توێژینەوە لە وەڵامدانەوەیاندا لەسەر برگەکانی ئامرازی توێژینەوەکە کە تایبەتە بە پێوانەکردنی گونجانی پیشەیی وەریدەگرێت.

**بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان**

**پێناسەی (محمد،2000):**

بەرپرسێکە کە دەستەی بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان دایناوە هەر ئەو دەستەیەش دەسەڵاتەکانی دیاری دەکەن و دەدرێتە پێی، هەروەها دەبێت شارەزایی هەبێت لە بوارەکانی بەڕێوەبردنی پەروەردەیی و سەرەتایی منداڵیدا لە ڕووی پەروەردەیی و زانستییەوە ڕۆشنبیر بێت (محمد،90:2000).

**باخچەی منداڵان**

**بۆکانی( 2020):** باخچەی منداڵان دەزگایەکی پەروەردەی کۆمەڵایەتییە ئامانجی گەشەیەکی تەواو هاوسەنگە لە هەموو لایەنە جۆراوجۆرەکانی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و هەروەها ئامانجی بەرزکردنەوەی تواناو و بەهرە جیاوازەکانە لە ڕێگەی یاری و چالاکی ئازادانەوە.(بۆکانی،56:2020)

**چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە و توێژینەوەکانی پێشوو**

## کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی

هەڵچوونەکان ئەزموون یان دۆخێکە کە سیمایەکی ویژدانی هەیەو لە بنچینەدا دەروونییە و لە ڕەفتارو ئەرکە فسیۆلۆجییەکاندا دەردەکەوێت. ووشەی ویژدانی ئاماژەیە بۆ لایەنی چێژ و خۆشی و ئازارو ژان، بەڵام دەستەواژەی لە بنچینەدا دەروونییە واتا لە دەروونەوە سەرچاوە دەگرێت و لایەنی فیسیۆلۆجی ناگرێتەوە(وەک برسێتی). ئاستەمە لە هەڵچووندا گۆڕانکاری لطفلە ڕەفتارو لە ئەرکە فسیۆلۆجییەکان (هەناسەدان و لێدانی دڵ و سوڕانی خوێن و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما..هتد) جیابکرێنەوەو هەریەکەیان لە سنوری خۆیاندا دابنرێن چونکە جەستە وەک یەکەیەکی سەربەخۆو گشتگیر وەڵام بە هەڵچوونەکان دەداتەوەو تەنها لە ڕوی تیۆریەوە ئەو جیاکارییە ئەنجام دەدرێت **(بۆکانی،366:2020)** هەڵچوونەکان بەشێکی گرنگ و بنچینەیی ژیانی مرۆڤە، بەجۆرێک زەحمەتە ژیان بەبێ ئەوان خەیاڵ بکەیت. تایبەتمەندی و گۆڕانی هەڵچوونەکان، چۆنیەتی پەیوەندی سۆزداری و تێگەیشتن و لێکدانەوەی هەستی ئەوانی تر ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە گەشەکردن و ڕێکخستنی کەسایەتی، پەرەسەندنی ئەخلاقی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، دروستبوونی شوناس و چەمکی خود **(لطف ابادی651:2001)**

لەڕاستیدا هیچ هاوەدنگیەك نییە لەنێوان زانایاندا دەربارەی پێگەیشتوویی هەڵچوونی وناوەڕۆکەکەی، بەڵام بەشێوەیەی گشتی دەتوانین لەسەر کۆمەڵێك پێکهاتە ڕێکبکەوین ئەگەر کۆببونەوە ئەوکات بەواتای پێگەیشتوویی هەڵچوونی دێت کە بریتین لە:-یەکەم: گونجاوی هەڵچوونی: کەسی پێگەیشتوو پێویستە وەڵامدانەوەی هەبێت بۆ ئەو بارودۆخانەی کە دێنە پێشی بەشێوەیەکی گونجاو واتا نە زیادەڕەوی بکات نە کەموکورتیش بنوێنێت لە هەڵچوونەکانی، کەواتە هەڵچوونەکان پێویستە لەگەڵ بارودۆخە کۆمەڵایەتیەکان بێنەوە، و گونجاوبن لەگەڵ قەبارەی وروژێنەرەکانی ئەم هەڵچوونە. دووەم: کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی: تواناکانی تاك دەردەخات لەسەر ڕێکخستنی هەڵچوونەکانی وبڕیاردان لەسەریان، وە توانای مرۆڤیش هەریەك لە ئاواتەکانی یان دواخستنی تێرکردنی پێویستیەکانی دەردەکەوێت کە لەئێستادا هەستیان پێدەکات، وە لێرەدا کە دەوترێت بڕیاردان لە کۆنترۆڵکردندا (التحكم في الضبط) بەواتای بڕیاردانە لەسەر ئەندازەی هەڵچوون ونزمی هەڵچوون لەڕووی توندیەکەی یان سنورەکەی **(سمور، 2012: 73)**. مەبەست لە کۆنترۆڵکردنی هەست و سۆز و هەڵچوونەکان ئەوەیە کە بتوانین هەڵچوونەکان لە بارودۆخە جیاوازەکاندا بناسینەوە و دەریانبڕین و کۆنترۆڵیان بکەین. لێهاتوویی کۆنترۆلکردنی هەڵچوونەکان کاریگەری لەسەر لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی مرۆڤ هەیە و دەبێتە هۆی جێگیری وسەقامگیری و گەشەکردنی کەسایەتی مرۆڤ**(Li L,other:2015:51)**. لە پرۆسەی کۆنترۆڵی هەڵچووندا هەموو واتا مەعریفیەکانی وەک یادگە، شیکاری بابەت، و هتد، دەتوانێت تەدەخول بکات و ئەگەری هەیە پرۆسەی کۆنترۆڵی هەڵچوونی خۆنەویست و کۆنترۆڵ کراو یا ئاگا یان نائاگا بێت. لەبەرئەوەی هەڵچوونەکان پرۆسەگەلێکی چەند لایەنن کە لە هەر کاتێکدا ئاشکار دەبن. کۆنترۆڵی هەڵچوونی دەبێتە هۆی ڕودانی کۆمەڵە گۆڕانکاریەک لە داینامیکی هەڵچوون یان دەبێتە هۆی گۆران لە کاتدا، بڕ و ماوە و چاکسازی وەڵامدانەوە لە بوارەکانی ڕەفتاری،ئەزمونی یان فیسیۆلۆژی دەبێتەوە. کۆنترۆڵی هەڵچوونی لەوانەیە لە سەر بنەمای ئامانجی تاکی، ڕێکخستن لە هەڵچوونەکەدا بکات، گڕو تینی باتێ یان بە ئاسانی بیسرێتەوە. هەروەها کۆنترۆڵی هەڵچوونی لەوانەیە ئاستی تایبەتمەندی پەیوەندیدار لە سیستەمی وەڵامدەرەوەی هەڵچوون کە دەبێتە هۆی ئاشکار بوونی هەڵچوون بگۆڕێت **(Thompson,2009:879)**

## پرۆسەی کۆنترۆلکردنی هەڵچوون

کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی ئاماژەیە بۆ ئەو ستراتیژیانەی کە بەکاردەهێنرێن بۆ کەمکردنەوە، زیادکردن یان پاراستنی ئەزموونە سۆزدارییەکان. ڕەگی ستراتیژییەکانی کۆنترۆل کردنی هەڵچوونەکان گۆڕانی سۆزداری و مەعریفی و کۆمەڵایەتییە. کردەوەی خراپ لەم ستراتیژانەدا دەتوانێت ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە بگێرێت لە دروستکردن و پاراستنی تێکچوونی دەروونی. لە واقیعدا چەمکی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی زۆر فراوان و گشتگیرە و کۆمەڵێک پرۆسەی فیزیۆلۆژی و ڕەفتار و دەروونی هۆشیار و نائاگا لەخۆدەگرێت**(Gross،2002:191)** مۆدێلی پرۆسەی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی ڕێگەیەکی نوێیە بۆ تێگەیشتن لە ستراتیژیەکانی ڕێکخستنی هەڵچوون، لە ساڵانی ڕابردوو لە لەلایەن زانا گرۆس ناسێندرا، کە لەم نموونەیەدا چەند گریمانەیەکی سەرەکی بوونی هەیە،ئەوانیش: **(Gross،2002:551)**

آ.بابەتی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونەکان باسێکی زیاترە لە زاڵبوون بەسەر هەڵچوونە نەرێنییەکان یان تەنها گۆڕینی ئەزموونە سۆزدارییەکان، بۆ نموونە باشترکردنی باری دەروونی خراپ

ب. کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونەکان ئاماژەیە بۆ ئەو پرۆسانەی کە بەهۆیانەوە دیاری دەکرێت مرۆڤەکان کام هەست و سۆزیان لە

چ کاتێک دەربڕن و چۆن ئەم هەڵچوونانە ئەزموون بکەن و دەریان ببڕن .

ج. ستراتیژییەکانی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی هەم بە شێوەی هۆشیاری و کۆنترۆڵکراو، و هەم بە شێوەی ناهۆشیاری(نائاگا) و لەخۆوە بەکاردەهێنرێن **(Gross، 551:2002).**

**گونجانی پیشەیی**

گونجان ئەو دۆخەیە کە ڕەچاوی پێداویستی و داواکارییەکانی تاک دەکات و بە پێی ئەو ژینگەیەی کە تێریوونی تەواوەتی خۆی بەدەست دەهێنێت **(قبقوب، زوقة،67:2017)** هەروەها (گاپلین) پێی وایە گونجان پەیوەندییەکی هاوئاهەنگی مرۆڤە لە گەڵ ئەو ژینگە فیزیکی وکۆمەڵایەتیەی تێیدا دەژێت **(الداهری،15:2008).** و زانا سوپەر چەمکی گونجان بەم شێوەیە کورت دەکاتەوە: دەستکەوتێکی گشتی یان تێکەڵکردنی چەند جۆرێک لە لایەنە تایبەتەکانی گونجاندنە (سازانە)، کە دوو شێوە لە خۆی دەگرێت، ئەوانیش بریتین لە خۆگونجاندن (گونجانی خودی) کە پەیوەندی بە خۆرێکخستنی دەروونیی تاکەوە هەیە و ئەوی دیکەش گونجانی کۆمەڵایەتیە بە واتای پەیوەندییەکانی نێوان خود و ئەوانی دیکەوە دێت **(الخالدی،99:2009)** .

**میکانیزمی بەدەستهێنانی گونجانی پیشەیی بۆ بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان و دیسیپلینەکەی**

بەڕێوەبەر وەک سەرپەرشتیاری پەروەردەیی جێبەجێکار لە بەڕێوەبردندا کاردەکات و ڕێکوپێکی دەپارێزێت بە ئەنجامدانی ئەم ئەرکانەی خوارەوە: یەکەم: پلاندانان و ڕێکخستنی کاری باخچەی منداڵان: کاری پۆل کاریگەری لەسەر کاری باخچەی منداڵان دەبێت و بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە، پاراستنی ڕێکوپێکی گشتی باخچەی منداڵان کاریگەری لەسەر ڕەوتی کاری پۆل و ئەم پاراستنەش پێوستی بە ڕێکخستن و ، پێویستی بە پلاندانان هەیە هەروەها، پێویستە بەڕێوەبەر پەرۆشی ئەوە بێت کە پێش دەستپێکردنی دەوام زوو ئامادە بێت بۆ ئەوەی بتوانێت کاری ڕۆژانەی دەوام ڕێکبخات و ژینگەیەکی پەروەردەیی تەندروست دروست بکات ببێت بە نمونەیەک بۆ کارەکە تا ئەوانیتر چاوی لێ بکەن. دووەم: ئاڕاستەکردن و بەدواداچوون بۆ کاری باخچەی منداڵان: بەزۆری ئاراستەکردنی دروست بە ڕۆحێکی مرۆڤدۆستانە ئەنجام دەدرێت کە کەشێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی برخسێنێت و هانی هەمووان دەدات بۆ کارکردن و دڵنیابوون لەوەی کە کارەکە شێوەیەکی تەواو ئەنجام دەدرێت بەڕێوەبەر پێداچوونەوە بە پلانی وانەکانی مامۆستایان دەکات و وانەکانیان ئامادە دەکات، دڵنیا دەبێتەوە لەوەی کە مامۆستایان پلانی باشیان بۆ ئیدارە کردنی پۆل و پاراستنی ڕێکوپێکیەکەی ،هەروەها بەڕێوەبەری قوتابخانە کاردەکات بۆ دابینکردنی هەموو پێداویستی و کەرەستەکان بەمەبەستی ئاسانکاری لە پلانەکانی وانەوتنەوە، پاراستنی ڕێکوپێکی پۆل بۆ جێبەجێکردنی فێرکردنێکی کارا و چالاک.سێیەم: باشترکردنی ئەدای مامۆستایان و گەشەپێدانی تواناکانیان: گرنگیدان کارگێڕی باخچەی منداڵان بۆ گەشەپێدانی پیشەیی مامۆستا و بەرزکردنەوەی ئاستەکەی یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی بەڕێوەبەری قوتابخانە، لەڕێگەی کۆبونەوە و سیمینار و خولەکانەوە دەتوانرێت ئەدای مامۆستا پەرەپێبدرێت و تواناکانیان پەرەپێبدرێت، کە لە بەرامبەردا لە بەڕێوەبردنی پۆل و ڕێکخستندا ڕەنگ دەداتەوە. چوارەم: دەستەبەرکردن و بەکارهێنانی ئامراز و کەرەستە یارمەتیدەرەکان:بەکارهێنانی ئامراز و کەرەستە یارمەتیدەرەکان یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی کە کاریگەری لەسەر بەڕێوەبردنی پۆلەکان هەیە، سەرنجدان بەوەی کە مامۆستا هەندێک جار ڕووبەڕووی کێشەی چاوەڕواننەکراو دەبێتەوە لە بەدەستهێنانی ئامراز و ئامێرەکان، بۆیە دەبێت بەڕێوەبەر کار بکات بۆ ئامادەکردنی ئامرازەکان بۆ مامۆستا لە کاتی خۆیدا و بە قەبارەی پێویست بۆ کارە پەروەردەییەکان، و دەبێت مامۆستایان بە تایبەت نوێکان ئاراستە بکرێن بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامرازەکان و سوودمەندبوون لێیان.پێنجەم: سەردانی پۆل، هەڵسەنگاندنی مامۆستا و بەدواداچوون بۆ منداڵان لە پۆلدا: سەردانی پۆل ڕێگە بە بەڕێوەبەر دەدات وێنەیەکی ڕوونی هەریەک لە مامۆستاکانی هەبێت سەبارەت بە منداڵانی باخچەکەی و کارلێک و مامەڵەیان لە پۆلەکانیان و دەرفەت دەدات بە باشترکردنی هەڵوێستە فێرکاری و پەروەردەییەکان بە یارمەتیدانی مامۆستایان بۆ باشتر کردنی لایەنی جێبەجێکردنیان لە ڕێکخستنی فێربوونی خوێندکاران.شەشەم: گرنگیدان بە کاروباری منداڵان: بەڕێوەبەر بەرپرسیارێتی لە ئەستۆدایە بەرامبەر بە ئاگاداربوون لە منداڵان و ئاگاداربوونیان، هەروەها گرنگترین ئەرکەکانی بەڕێوەبەر لەم ڕووەوە پێویستی تێگەیشتنە لە منداڵان لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە، و کارلێککردن لەگەڵیاندا بە شێوەیەک کە وا دەکات هەستیان پێی بکات و پێزانینی هەبێت و کار بکات بۆ ڕێکخستنی بەرنامەی ڕێنمایی و ڕاوێژکاری بە شێوەیەکی گشتگیر بۆ لایەنە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئەکادیمی و ئاکارییەکان یان بەدواداچوون بکات بۆ ئەو کێشانەی کە دێنە سەر ڕێگای بە شێوەیکی چالاک و کاریگەر. حەوتەم: گەشەپێدانی پیشەی مامۆستا: گەشەپێدانی پیشەی مامۆستا و بەدواداچوونی گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی کە دوو شێوە لە خۆی دەگرێت: ا. گەشەپێدانی مامۆستا لە بابەتی پسپۆڕییەکەیدا: یان بەردەوامبوونی لە بابەتی پسپۆڕی ئەکادیمی وەک مامۆستای بابەتێکی دیاریکراو.ب. گەشەپێدانی لایەنی پەروەردەیی مامۆستا:

پەیرەوکردنی کۆمەڵێک شێواز بۆ ڕاهێنانی مامۆستا لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی پەروەردەدا، وەک شێوازەکانی وانەوتنەوە، بەکارهێنانی هەندێک ئامراز و پەرەپێدانی تواناکانی لە بواری هەڵسەنگاندن و چالاکییەکانی پۆلی ئازادنە، دڵنیا بوونەوە لە بوونی توانای ڕێکخستنی تۆماری نمرەکان و توانای شیکردنەوە و ڕەخنەگرتن لە مەنهەج و کتێبی خوێندن و دەربڕینی بۆچوون لەسەر خاڵە بەهێز و لاوازەکانی تواناکانی و پەرەپێدانیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو کەسێک کە بەشدارە لە کارەکانیدا، وەک خوێندکار و کارگێڕ و دایک و باوک و کەسانی تر . **(العجمی،2000:21-220)**

**پەیوەندی بەڕێوەبەر بە گونجانی پیشەیی:**

ڕۆڵی بەڕێوەبەر یەکێکە لە ئەرکە هەرە تەحەدا و ڕازیکەرەکانی جیهانی کار، چونکە بەڕێوەبەر دەتوانێت کاریگەری لەسەر کەسانی تر بێت و ببێتە مایەی ڕەزامەندی لە کار، لە بەرامبەردا دەتوانێت ببێتە مایەی بێزاری و نائومێدی لە شوێنی کاردا ئەگەر بێت نەتوانێت مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی ئەو تاکانەدا بکات کە بە ژێری لەگەڵیدا کاردەکەن، ئیستدلالکردن و کراوەیی دڵ، داوا دەکات کە بەڕێوەبەر گرنگی بە هەستی ئەو تاکانە بدات کە سەرکردایەتییان دەکەن و ئەو بارودۆخانە باشتر بکەن کە کارەکە لەژێردا بە ئەنجام دەگات و بەرزکردنەوەی... مۆراڵی ئەو تاکانەی کە لەگەڵیدا کاردەکەن، و حەزیان لە ڕازیکردنیان بێت لە شوێنی کارەکەدا، و ئەمەش هەمان گرنگی دەدات بە کارەکە. **(عداد،2017:91)**

پرسی سەرکردایەتی زۆر گرنگە بۆ گونجانی پیشەیی، چونکە ژینگەی کارکردنی گونجاو لەلایەن بەڕێوەبەرەوە دابین دەکرێت، وبەڕێوەبەر هەر شێوازێک یان ڕێگایەکی بەڕێوەبەردن کە لەگەڵ ئەو تاکانەی کە پێکەوە کار دەکەن پەیرەوی دەکات ئەوە کاریگەری لەسەر ڕادەی فشارەکان دەبێت کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە یان ئاستی گونجانی پیشەییان لەگەڵ کارەکانیاندا، دەبێت بەریوەبەر بۆ کەسانەی لای کار دەکەن هەستی گرنگی پیدان ، روخۆشی و زەردەخەنەیان پێببەخشیت، روخساری گرژ و هێرشکردن، نەبێت و کار کردن هەموو شتێک نەبێت بەڵکو کەناڵی گونجاوی پەیوەندی نێوان خۆی و ئەوانیان بۆ دابین بکات، و لە مامەڵەکانی لەگەڵیاندا بەدوای دادپەروەریدا دەگەڕێت، و بێزاری و خەمۆکی لە کەشوهەوای کار دوور دەخاتەوە **(عداد،2017:91)**

**بوارەکانی گەشەپێدانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی**

بەوکارو چالاکیانە دەوترێت کە پێویستن بۆ بەڕێوەبەرەکان لە بوارە جیاجیاکانی کارکردندا، شارەزای و زانیاری پێویستیان بۆ دابین بکات بۆئەوەی ئاستی تواناکانیان و ئەدایان بەرزبکاتەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەزگاکە. گرنگترین ئەو بوارانەش وەک: یەکەم: بواری پلاندانان: پلان دانان یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی پرۆسەی کارگێری پێش پرۆسەکانی تر دەکەوێت، چونکە سەرکەوتنی هەر کارێک بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر پلانی باش دارێژراوە، پلان دانانیش بەمانای دانانی ئامانج و سیاسەتی نەخشەکێشان و دانانی میکانزمی گونجاو و بۆیان و چۆنیەتی کاتی پێویست بۆ جێبەجیکردنیان. وەک سەرکەوتنی پلانەکە لە دیاریکردنی جۆروچۆنیەتی بەرهەمەکاندا. ڕادەی هاوئاهەنگیان لەگەڵ پێداویستیەکانی کۆمەڵگە بەژداری دەکات لە ڕەخساندنی بابەت و بارودۆخی زیاتر لە وەڵامی ڕێکخراوەکە بۆ پێداویستی ژینگە و توانای بەدیهێنانی ئامانجە دانراوەکان وەک پێویست.دووەم: بواری ڕێکخستن: ڕێکخستن یەکێکە لە توخمە بنەڕەتیەکانی پرۆسەی کارگێری، ئەویش پێکهاتەی ڕێکخراوەی ئیداریە یان ئەو چوارچێوەیەیە کە هەوڵەکانی تێدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دانراوەکانە، هەروەک دابەشکاریەکانی کاری ئیداری ڕوون دەکاتەوە وئاماژە بەو دەسەڵاتانە دەکات کە پێیان دراوە .زۆرجاریش دەزگای کارگێری لە هەر دەزگایەک لە سێ ئاستی کارگێری پێک دێت ( ئاستی کارگێری باڵا، ناوەند، خواروو یان جێبەجێکار) هەریەک لەو ئاستانە ئەرک و بەرپرسیارێتی خۆی هەیە کە جیاوازی هەیە لە ئاستەکانی تر (حسن، 53:2015) سێهەم: بواری ڕێنمایی: ئاڕاستەکە پەیوەندی بە ڕێنمایی وئاڕاستەکردنی ژێربەژێرەکانی پێش و لەکاتی جێبەجێکردنی کارەکانیدا هەیە لەڕووی پێدانی ڕێنمای پێویست بۆ جێبەجێکردن و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوزەحمەتی و کێشانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، چونکە هەرکەس کاردەکات لەهەر دەزگاو ڕووبەڕێکی ژیاندا پێویستیان بە کەسێکە بۆ ئاڕاستەکردن و ڕێنماییکردنیان.چوارەم: بواری کۆنترۆڵ: کۆنترۆڵکردنی زامنکردنە بۆئەوەی کارەکە بەپێی نەخشەکێشکراوەکە جێبەجێ بکرێت و دڵنیابین لەوەی کەکارمەندان کار بەیاساکانی کارو ڕەفتارە و سیستەمی ڕێکخراوەکە پەیوەستن یەکێک لە کارە بنەڕەتیەکانی کۆنترۆڵ پێوانەکردنی ئاستی ئەدا و ڕاستکردنەوەی ئەو لادانانەیە کە لە کاتی کارکردندا ڕوودەدەن. پێنجەم: بواری تەنسیق: یەکێکە لە ئامانجی بەشەکەو ئیدارەکە. تەنسیقی کاریگەر لە نێوان چالاکیەکانی دامەزراوەکەدا لە ئەنجامی ئەدای کاریگەرە لە هەموو کارو چالاکیەکاندا (حسن،56:2015) شەشەم: بواری هەڵسەنگاندن: هەڵسەنگاندن ئەوە دەردەخات کە ئایا ئیدارەی باخچە سەرکەوتوو بووە لە بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییە

بەرنامە بۆ دارێژراوەکانی یان ئەگەر شکستی هێناوە نەیتوانیوە ئەنجام و ئامانجە خواستراوانە بەدیبهێنێت (شاهین و صیراف،16)

## توێژینەوەکانی پێشوو

### توێژینەوەکانی تایبەت بە کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی

1. توێژینەوەی حمداللە (2020)-ئوردن: کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لای بەڕێوەبەرانی قوتابخانە ئەهلییەکان لە عەممان و پەیوەندی بەئاستی ڕەفتاری کارگێری نەخوازراو لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە. گرنگترین ئامانجی توێژینەوە، زانینی ئاستی جێبەجێکردنی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی بەڕێوەبەری قوتابخانە ئەهلییەکان لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە. نمونەی توێژینەوە بە ڕێگای هەڕەمەکی سادە هەڵبژێردرابوو، پێکهاتبوو لە ( 204) مامۆستا لە هەر دوو ڕەگەزی نێرو مێ، لە قوتابخانە ئەهلیەکانی عمان/اردن بۆ ساڵی خوێندنی( 2020-2019). توێژەر فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە، ودەرئەنجامی توێژینەوەکە بەم شێوەیە بوو کە ئاستی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لە قوتابخانە ئەهلییەکانی شاری عەممان گەیشتە پلەیەکی بەرز و بەگشتی و لە هەموو بوارەکاندا،و هەروەها نمرەی ئاستی ڕەفتاری کارگێری نەخوازراو بە نمرەیەکی نزم هات، و ئەنجامەکانیش بەوە هات ،بە بوونی پەیوەندیەکی نەرێنی بەلگەداری ئاماری لە نێوان کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی و ڕەفتاری کارگێری نەخوازراو.
2. توێژینەوەی واحدی و ئەوانیتر (2013)-ڕەشت-ئێران: پشکنینی پەیوەندی لە نێوان کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی و ڕێکخستنی مەعریفی- هەڵچوونی لە گەڵ باورە وەسواسیەکان لە لای خوێندکارانی کچی قۆناغی ناوەندی شاری ڕەشت-ئێران. گرنگترین ئامانجی توێژینەوە زانینی پەیوەندی لە نێوان کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی و ڕێکخستنی مەعریفی- هەڵچوونی لە گەڵ باورە وەسواسیەکان لە لای خوێندکارانی کچی قۆناغی ناوەندی شاری ڕەشت-ئێران. نمونەی توێژینەوەکە (302) خوێندکاری کچی قۆناغی ناوەندی خوێندنگا حوکمیەکان شاری ڕەشتە، کە ڕێگای هەڵبژاردنی نمونەکە بە ڕێگەی هەڕەمەکی فرە قۆناغ یان هێشوویی بوو. ئامرازی توێژینەوە پرسیارنامەی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی (ڕاجر و نجاریان ) و باورە وەسواسیەکان( Obsessive belief questionnaire (OBQ) و ڕێکخستنی مەعریفیە (گارنۆفسکی و هاوکارانی ) بەکارهێنراون. دەرئەنجامەکان بەم شێویە بوون کە پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لە نێوان لۆمە کردنی خود لە گەڵ باورە وەسواسیەکان و یەکێک بوو لە گرنگترین هۆکارەکان بۆ پێشبینیکردنی بیروباوەڕە وەسوەسەییەکان، لە نێوان دوو گۆڕاوە پێشبینیکەرەکەی تردا، قبوڵکردن، دووبارە هەڵسەنگاندن و ڕاهێنان پێشبینیکەرترین گۆڕاوەکان بوون کە پەیوەندییان بە بیروباوەڕە وەسوەسەییەکانەوە هەبوو.
3. توێژینەوەی عبدلملکی وئەوانیتر ( (2016): پشکنینی پەیوەندی نێوان ژینگەی سۆزداری خێزان و کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی هەڵکشانی ئالوودەبوون. گرنگترین ئامانجی توێژینەوە زانینی پەیوەندی نێوان ژینگەی سۆزداری خێزان و کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لەگەڵ هەڵکشانی ئالوودەبوون (323) کەسی دانیشتوانی نیشتەجێ قەزای قلعە سەر بە شارۆچکەی قروەی ئێرانە،کە بە نمونەی توێژینەوەکە بە شێوەی هەڕەمەکی سادە هەڵبژێردرابوو. پێوەری ئامادەکراویان بۆ هەریەکە لە، ژینگەی سۆزداری خێزان (نۆردگاە فرێد )و پێوەری کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی (سیلڤێر، ڕۆف،ئیورسۆن، بارس وبروشک و هاکارانی )و پێوەری هەڵکشانی ئالودەبوون (موسەوی، دوستقرین،ڕوشنفکر و دزفولی ). توێژەران ئەنجامەکەیان بۆ دەرکەوت بە بوونی پەیوەندی گرنگی ئاماری بەڵگەدار لە نێوان ژینگەی سۆزداری خێزان لە گەڵ حەزی ئالوودەبوون. و هەروەها بوونی پەیوەندی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی و هەڵکشانی ئالوودەبوون بە جۆرێک ئەم پەیوەندیە بەڵگەدارە بۆ هەموو بوارەکانی پێوەری کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونیە بێجگە لە (تورەبوون). هەروەها ئەنجامەکان نیشانی دەدەن ژینگەی سۆزداری خێزان دەتوانێت پێشبینی هەڵکشانی ئالوودەبوون بکات، بەڵام ناتوانێت پێشبینی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی بکات.

### توێژینەوەکانی تایبەت بە گونجانی پیشەیی

1. توێژینەوەی عجوة و ابو طیر (2020): بیرکردنەوەی ئەرێنی و پەیوەندی بە گونجانی پیشەیی لای ڕێنماییکارانی پەروەردەیی لە قوتابخانەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەوروبەری قودس. گرنگترین ئامانج زانینی بیرکردنەوەی ئەرێنی و پەیوەندی بە گونجانی پیشەیی لای ڕێنماییکارانی پەروەردەیی لە قوتابخانەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەوروبەری قودس، سەرجەم ڕێنماییکارانی پەروەردەیی لە قوتابخانەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەوروبەری قودس کە ژمارەیان66 ڕێنماییکارە لە هەردوو ڕەگەزەکە بۆ ساڵی

خوێندنی(2020-2019). توێژەر هەردوو پێوەری بیرکردنەوەی ئەرێنی ، گونجانی پیشەیی بۆ سەرجەم ڕێنماییکارانی پەروەردەیی بەکارهێناوە. ئەم توێژینەوەیە گەشتە ئەم ئەنجامانە بوونی پەیوەندی ڕاستەوانەی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان بیرکردنەوەی ئەرێنی و گونجانی پیشەیی، هەروەها لە ئەنجامدا دەرکەوتوە کە ئاستی بیرکردنەوەی ئەرێنی لای ڕێنماییکارانی پەروەردەیی لە قوتابخانەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەوروبەری قودس لە ئاستێکی باڵادا بووە. وهیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری بوونی نەبووە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی لە ئاستی بیرکردنەوەی ئەرێنی لای ڕێنماییکارانی پەروەردەیی لە قوتابخانەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەوروبەری قودس بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز. هەروەها لە ئەنجامدا دەرکەوتوە کە ئاستی گونجانی پیشەیی لای ڕێنماییکارانی پەروەردەیی لە قوتابخانەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەوروبەریب قودس لە ئاستێکی باڵادا بووە.

2. توێژینەوەی مام و حنة (2018): خۆکارایی و پەیوەندی بە گونجانی پیشەیی لای مامۆستایانی فێرکردنی قۆناغی ناوەندی" توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە خوێندگای ناوەندی شەهید سعدی صالح لە سیدی عامر -المسیلة، جزائر.ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ئاستی خۆکارایی، ئاستی گونجانی پیشەییە لای مامۆستایانی فێرکردنی قۆناغی ناوەندی، هەروەها ئامانجی دیاریکردنی سروشتی پەیوەندی لە نێوان نمرەی گشتی، و ڕەهەندەکان بۆ پێوەری خۆکارایی، و گونجانی پیشەیی. نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (30) مامۆستا لە قوتابخانەی ناوەندی شەهید سەعدی ساڵح لە سیدی عامر، لە ماوەی ساڵی خوێندنی 2018)-2017). توێژەر لە توێژینەوەکەیدا بۆ هەردووک گۆڕاوی خۆکارایی و گونجانی پیشەیی پێوەری ئامادەکرد. لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ئەنجامەکان گەشتنە ئەوەی کە ئاستی خۆکارایی و گونجانی پشەیی گەورەیە، و هەروەها پەیوەندیەکی بەڵگەداری ئاماری گەورە بوونی هەیە لە نێوان نمرەی گشتی و ڕەهەندەکانی پێوەری خۆکارایی، و نمرەی گشتی، و پێوەری گونجانی پیشەیی، و نمرەی گشتی، و پێوەری گونجانی پیشەیی،ونمرەی گشتی، و بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ناوەندەکانی نمرەی مامۆستایانی فێرکردنی قۆناغی ناوەندی.

3. توێژینەوەی حلیمە و امیرة (2020): فشاری دەروونی و پەیوەندی بە گونجانی پیشەیی لەلای ڕاهێنەرانی باخچەی منداڵان، توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری المسیلة - جزائر.ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بوو لە زانینی ئاستی فشاری دەروونی و ئاستی گونجانی پیشەیی لە لای ڕاهێنەرانی باخچەی منداڵان، نموونەی توێژینەوەکە (40) ڕاهێنەر بوون ، لە ماوەی ساڵی خوێندنی (2020-2019). سەبارەت بە ئامرازی توێژینەوە، توێژەر هەستاوە بە بونیاد نانی پێوەر بۆ فشاری دەرونی و هەروەها بۆ گونجانی پیشەیی پێوەری ئامادەکراوی( ایمان محمود عبیدی )بە کارهێناوە. ئەنجامەکان بەم شێویە بوون، بوونی پەیوەندیەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان فشاری دەرونی و گونجانی پیشەیی لە لای ڕاهێنەرانی باخچەی منداڵان.

4. توێژینەوەی خلو (2019): فشاری دەروونی و پەیوەندی بە گونجانی پیشەیی لەلای مامۆستایانی سەرەتایی، توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە هەندێک لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی شاری تقرب-جزائر.ئامانجی توێژینەوە دەستنیشانکردنی ئاستی فشاری دەروونی بووە لە نێوان مامۆستایانی قوتابخانە سەرەتاییەکان، هەروەها ئاستی گونجاوی پیشەیی لە نێوان مامۆستایانی خوێندنی سەرەتایی لە هەندێک لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی تقرت، هەروەها زانینی پەیوەندییانە، نمونەی توێژینەوەکە بریتی بوون لە (120) مامۆستا، توێژەر بۆ گۆڕاوی فشاری دەرونی پێوەری بنیات ناو و بۆ گۆڕاوی گونجانی پیشەیی پێوەری ئامادەکراوەی شموری کامیلیا(2017 ) بەکارهێنا. وئەنجامەکان بەم شێویە بوون: ئاستی فشاری دەروونی لای مامۆستایانی خوێندنی سەرەتایی بەرزە، ئاستی گونجاوی پیشەیی لە نێوان مامۆستایانی خوێندنی سەرەتاییدا بەرزە. هەروەها بوونی پەیوەندیی لە نێوان فشاری دەروونی و خۆگونجاندنی پیشەیی لە نێوان مامۆستایانی قوتابخانە سەرەتاییەکاندا هەیە.جیاوازیی ئاماری لە نێوان فشاری دەروونی و گونجاندنی پیشەیی لە نێوان مامۆستایانی قوتابخانە سەرەتاییەکاندا بوونی نییە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزییەوە. جیاوازی ئاماری بوونی نییە لە نێوان فشاری دەروونی و گونجاندنی پیشەیی لە نێوان مامۆستایانی خوێندنی سەرەتایی بە پێی گۆڕاوی پلەو ئاست.

**گفتوگۆکردنی توێژینەوەکانی پێشوو**

لە ڕووی ئامانجی توێژینەوەوە زۆربەی توێژینەوەکان لە هەوڵی زانینی ئاستی جێبەجێکردنی هەریەکە لە گۆڕاوەکانن لە سەر کۆمەڵگای توێژینەوە، هەروەها زانینی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان.ئامانجی توێژینەوەی توێژەرانیش بەهەمان شێوە بریتییە لە زانینی ئاستی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی و پەیوەندی بە گونجانی پیشەییەوە لە لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانیدا. سەرجەم توێژینەوەکان وهاوکات توێژەرانیش میتۆدی وەسفییان بەکارهێناوە. لە ڕووی سامپڵەوە هەریرکە لە توێژینەوەکان بە پێی کۆمەڵگای توێژینەوەکەو جۆری توێژینەوەکە هەڵیانبژاردووە هەروەک لە سەرەوە ئاماژە دراوە بە ڕێژەکەی، و سامپڵی توێژینەوەی ئێمەش بریتی بوو لە هەموو کۆمەڵگای توێژینەوەکە، واتە (78) بەڕێوەبەر. سەرجەم توێژینەوەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان ئامرازی گونجاویان بەکارهێناوە و خاڵی هاوبەشی نێوان هەموویان ئەوەیە یان پێوەریان بنیات ناوە یان هی ئامادەکراویان بەکارهێناوە، هاوکات توێژەریش لە توێژینەوەکەیدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجی

توێژینەوەکەی وگەیشتن بە ئەنجام، فۆڕمی ڕاوەرگری تایبەت بە کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی و گونجانی پیشەیی بەکارهێناوە. سەبارەت بە ئەنجامی توێژینەوەکان، هەریەکەیان ئەنجامێک دەرچووە،بە جۆرێک لە هەموویاندا ئاستی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی و گونجانی پیشەیی بە پێی گۆڕاوەکانی خۆیان بەرز بوو و لە هەمان کاتدا لە زۆربەیاندا پەیوەندی بەڵگەداری ئاماری هەبوو یان بە ئەرێنی یان نەرێنی هەروەک لە بەشی سەرەوە بە وردی ئاماژەی پێدراوە

**ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە**

**میتۆدی توێژینەوە:**توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی (وەسفی) یە،باسەکە هەوڵدەدات پەیوەندی نێوان کۆنترۆلکردنی هەڵچوونی و گونجانی پیشەییدا لە لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان بدۆزێتەوە.

**کۆمەڵگەی توێژینەوە:**کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لەسەرجەم بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لە سەرجەم باخچەکانی (حوکمی و ناحوکمی) سەر بە هەردووبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات شاری سلێمانی. بۆ ساڵی خوێندنی (2021-2022) و ژمارەیان ( 78) بەڕێوەبەرە،(10) بەڕێوەبەر لە ڕەگەزی نێر و (68) بەڕێوەبەر لە ڕەگەزی مێ، وەک لە خشتەی (1) دا خراوەتەروو.

**خشتەی ژمارە ( 1)کۆمەڵگەی توێژینەوە**

**ئامرازەکانی توێژینەوە**

| بەڕێوەبەرایەتی | ژمارەی بەڕێوەبەر | | | | | | کۆی گشتی ژمارەی بەڕێوەبەر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | باخچەی حکومی | ڕەگەز | | باخچەی ناحکومی | ڕەگەز | | |
| | | نێر | مێ | | نێر | مێ | |
| **بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا** | **37** | **6** | **31** | **21** | **0** | **21** | **78** |
| **بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات** | **14** | **3** | **11** | **6** | **1** | **5** | |
| **کۆی گشتی** | **51** | **9** | **42** | **27** | **1** | **26** | |

فۆڕمی ڕاوەرگری بۆ پێوانەی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی: توێژەران پەنای بردە بەر بەکارهێنانی پێوانەی کۆنترۆڵ کردنی هەڵچوونی( زبیر شریف) کە بە زمانی کوردی ئامادەکرابوو، و ژمارەی برگەکانی (42) برگە بوون. پاشان بۆ ئەوەی پێوانەکە بگونجێت لە گەڵ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە ئەوە شیکردنەوەی ئاماری ( هێزی جیاکاری - هاوکۆلکەی پەیوەندی نمرەی هەر برگەیەک بە کۆی گشتی نمرەکان- ڕاستگۆیی ڕواڵەت – جێگیری ) بۆ برگەکانی پێوانەکە ئەنجامدا. توێژەران دوای ئەوەی ڕاستگۆیی وجێگیری بۆ پێوانەی(کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی) دیاریکرد، پێوانەکەی بە شێوەی کۆتایی (42) برگە مایەوە، بەشێوەیەکی گشتی برگەکان ڕوون بوون لەلای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان و کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوە (6) خولەک بوو،هەروەها بژاردەکانی وەڵامدانەوە لە ناوەڕۆکی برگەکان بە جۆری پێنج بژاردە دارێژرابوو، واتە(5)بژاردە لەبەرامبەر برگەکان هەیە، کە بریتین لە (بەبەردەوام،زۆرجار،هەندێکجار،کەمجار،هەرگیز) وبەهای بژاردەکان بریتیە لە(5،4،3،2،1)بەهەمان ڕیزبەندی بەرامبەر برگەنەرێنییەکان نمرەکان پێچەوانە، دەبنەوە، واتە بەرزترین نمرەی پێوەرەکە (210) نمرەیە و نزمترین (42)نمرەیە.

فۆڕمی ڕاوەرگری بۆ پێوانەی گونجانی پیشەیی: لەبەر نەبوونی پێوانەیەکی گونجاو بەزمانی کوردی بۆ پێوانی گونجانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان،توێژەران پەنایان بردە بەر بەکارهێنانی پێوانە کردنی گۆڕاوی (گونجانی پیشەیی) بە زمانی عەرەبی بۆ ئەم مەبەستەش هەستا بە [[دارشتنەوەی برگەکان)( شیکردنەوەی ئاماری بۆ برگەکانی پێوانەی گونجانی پیشەیی-( هێزی جیاکاری - هاوکۆلکەی پەیوەندی نمرەی هەر برگەیەک بە کۆی گشتی نمرەکان- ڕاستگۆیی ڕواڵەت – جێگیری )]] توێژەران دوای ئەوەی ڕاستگۆیی وجێگیری بۆ پێوانەی(کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی) دیاریکرد، پێوانەکەی بە شێوەی کۆتایی (48) برگە مایەوە، بەشێوەیەکی گشتی برگەکان ڕوون بوون لەلای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان و کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوە (7) خولەک بوو،هەروەها بژاردەکانی وەڵامدانەوە لە ناوەڕۆکی برگەکان بە جۆری سێ بژاردە دارێژرابوو، واتە(3) بژاردە لەبەرامبەر برگەکان هەیە، کە بریتین لە (هەمیشە،هەندێکجار،هەرگیز) وبەهای بژاردەکان بریتیە لە(3،2،1)بەهەمان ڕیزبەندی بەرامبەر برگەنەرێنییەکان نمرەکان پێچەوانە، دەبنەوە، واتە بەرزترین نمرەی پێوەرەکە (144) نمرەیە و نزمترین (48)نمرەیە. دوای دڵنیابوونی توێژەر لە ڕاستی و جێگیری ئامرازی توێژینەوەکەی، توێژەران لە ڕێکەوتی ( 27-4-2022 ) بە شێوەی دەستی و ئەلەکترۆنی دەستییان کرد بە جیبەجێکردنی پێوانەکانی توێژینەوەکەی بەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکەیدا، کە پێک هاتبوو لە (78) بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی لە هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێ، لە هەردوو بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا (حکومی و ناحوکمی)،دوای پێدانی ڕوونکردنەوە لەلایەن توێژەرانەوە دەربارەی توێژینەوەکە داوایان لە بەڕێوەبەران کرد بە وردی وڕوونی وەڵامی گشت برگەکان بدەنەوە، دواتر سەرجەم فۆڕمی ڕاپرسیەکانی کۆکردەوە،

ئەنجامدانەکە لەبەرواری (26-5-2022 ) کۆتایی پێهات.
توێژەران کارە ئامارییەکانیان لە ڕێگەی بەکارهێنانی پرۆگرامی (SPSS) هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان ڤێرژنی (25) بۆ بەکارهێنانی ئەم ئامرازانە ( (Cronbach's Alpha ) ئەلفا کرۆنباخ بۆ دۆزینەوەی جێگیری پێوانە، ( One sample T-test) بۆ دەرخستنی ئاستی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی و گونجانی پیشەیی بە شێوەیەکی گشتی، ( Independent sample T-test) بۆ مەبەستی زانینی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی و گونجانی پیشەیی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز و جۆری باخچە،(Pearson Correlation) بۆ زانینی پەیوەندی نێوان کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی و گونجانی پیشەیی.

**خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان :**

ئەم بەشە تایبەتە بە شیکردنەوەی داتاکان و خستنەڕووی ئەنجامەکان بە گوێرەی ڕیزبەندی ئامانجەکانی توێژینەوە کە لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا دیاری کراوە و ڕاڤەکردنیان و لە کۆتاییدا ڕاسپاردەو پشنیار خراونەتەڕوو.

**ئامانجی یەکەم :زانینی ئاستی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی.**

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS) ئامرازی ئاماری ( One Sample T-test) بۆبەراورد کردنی ناوەندی ژمێرەیی نموونەی توێژینەوەکە بەناوەندی گریمانەیی. لە ئەنجامدا دەرکەوت، کەناوەندی ژمێرەیی (162.46)بوو. ئەم نرخە گەورەترە لە ناوەندی گریمانەی پێوانەکە کە بریتی بوولە (126) بە لادانی پێوەری (1.57) . هەروەها دەرکەوت بەهای (t) هەژمارکراو بریتیە لە (20.82) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) ) هەروەک لە خشتەی (7) ڕوونکراوەتەوە واتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدیدەکرێت وناوەندە ژمێرەیی گەورەترە لە ناوەندە گریمانەیی ئەمەش ئەوە دەردەخات ئاستی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی بەریوەبەرانی باخچەی منداڵان لە ئاستێکی بەرزدایە.

**خشتەی ژمارە(7)**

**ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی (یەک نموونە) بۆ نمرەکانی بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لە ناوەندی شاری سلێمانیبە شێوەیەکی گشتی لە پێوەری کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| 78 | 162.46 | 126 | 1.57 | 77 | 20.82 | 1.69 | بەڵگەدارە |

کەواتە بەپێی ئەو ئەنجامەی لە سەرەوە دەرچووە دەریدەخات بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونیان هەیە بە ئاستێکی بەرز، توێژەر هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئاستی ڕۆشنبیری و تێگەیشتوویی بەڕێوەبەران، هەروەها ئەو کۆمەڵە خول و دوراتانەی کە لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە دەکرێتەوە کاریگەری گەورەی هەیە لە سەر تاکی بەڕێوەبەر، بەو مانایەی ڕەچاوی ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی هەست و هەڵچوونیان خۆیان دەکەن و دەزانن بە پێی هەڵوێستە جیاوازەکان چۆن ڕەفتار بکەن، و بە گفتوگۆیەکی ئارام و ڕێزدارانە لەگەڵ کەسانی دیکەدا و ڕەخنە قبوڵ کردن و لە ڕێگەی دایالۆگی بابەتییەوە باس لە پرسە تایبەت و گشتییەکان بکەن و بۆچوونەکانیان بەڕێزەوە دەربڕن و گوێ لە بۆچوون و بیروڕای بەرامبەر بگرن.ئەنجامی ئەو توێژینەوەیە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوە (حمدالله و الصرایرة، 2020).

**ئامانجی دووەم: ا. زانینی ئاستی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر ومێ).**

بۆ گەیشتن بەم ئامانجە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی نمرەکانی بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان (نموونەی توێژینەوەکە) بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز لەسەر پێوەری کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی دەرهێنا، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ -independent sample T (test) بە پشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS) دەرکەوت کە نرخی (t) ئەژمارکراو (0.61) نمرەیە بچوکترە لە نرخی (t)تائی خشتەیی (1.69) بە نمرەی ئازادی (76)، لە سەر ئاستی بەڵگەداری (0.05)، وەک لە خشتەی ژمارە (8) دیارە.

**خشتەی ژمارەی (8)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی ( t)(دوو نموونە) بۆ نمرەکانی بەڕێوەبەرانی باخچە لەسەر پێوەری کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر و مێ)**

| [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | بەهای تائی | [illegible] |
|---|---|---|---|---|---|---|

| | خشتەیی | هەژمارکراو | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 10 | 165.30 | 5.81 | 76 | 0.61 | 1.69 | بەڵگەدار نیە (0.538) |
| مێ | 68 | 162.04 | 16.40 | | | | |

لەبەر ئەوەی بەهای تائی ئەژمارکراو بچوکترە لە بەهای خشتەیی ئەمەش ئەوە دەردەخات کە جیاوازی لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی رەگەزی نێر و نمرەکانی رەگەزی مێ لەسەر پێوەری کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی نیە. بە بۆچوونی توێژەر هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە هەردوو رەگەز لە ژینگەی هاوشێوەدا ژیان دەگوزەرێنن. ئەم دەرئەنجامەش یەکانگیر نیە لەگەڵ هیچ کام لە توێژینەوەکانی پێشو.

**ئامانجی دووەم: ب. زانینی ئاستی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بەپێی جۆری باخچە (حکومی و ناحکومی)**

بۆ زانینی ئەم جیاوازیە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی بۆ نمرەکانی بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی دەرهێنا پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ (independent sample T-test) بە پشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS) دەرکەوت کە نرخی (t) ئەژمارکراو (1.08) بە نمرەی ئازادی (76)، لە سەر ئاستی بەڵگەداری (0.05)، وەک لە خشتەی ژمارە (9) خراوەتە روو.

لەبەر ئەوەی بەهای تائی ئەژمارکراو بچوکترە لە بەهای خشتەیی بەم جۆرەش دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری نیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی بە پێی جۆری باخچە. لە دوای سەردانیکردنی خودی توێژەر بۆ باخچەکان بە هەر دوو جۆرەکەیەوە هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێنێتەوە بۆ هەبوونی ئامانج و پەیامی روون وئاشکرای باخچەکان بە جۆرێک کە هەریەکەیان بە بێ جیاوازی هەوڵ بۆ بەرەوپێشبردنی باخچەکەیان دەدەن، واتە زۆر بە روونی بەر ئەو هەوڵ و ماندوو بوونەی بەڕێوەبەر و هەموو ستافەکانی باخچەکان کەوتم، کە چەند بەپەرۆش و دڵسۆزانە کار دەکەن بە بێ هیچ جیاوازیەک لە هەر دوو جۆر حکومی و ناحکومیەوە.

ئامانجی سێیەم:

**(زانینی ئاستی گونجانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی)**

بە بەکارهێنانی (One Sample T-test) توێژەر هەستا بە بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی نموونەی توێژینەوەکە بە ناوەندی گریمانەی. لە ئەنجامدا دەرکەوت، کەناوەندی ژمێرەیی بریتیە لە (110.47). ئەم نرخە گەورەترە لە ناوەندی گریمانەی پێوانەکە کە بریتی بوو لە (96) بە لادانی پێوەری (9.43) . هەروەها دەرکەوت بەهای (t) هەژمارکراو بریتیە لە (13.55) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05 ) هەروەک لە خشتەی (10) روونکراوەتەوە واتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدیدەکرێت وناوەندە ژمێرەیی گەورەترە لە ناوەندە گریمانەیی ئەمەش ئەوە دەردەخات ئاستی گونجانی پیشەیی لای بەریوەبەرانی باخچەی منداڵان لە ئاستێکی

بەرزدایە.

**خشتەی ژمارە(10)**

**ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی (یەک نموونە) بۆ نمرەکانی بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لە ناوەندی شاری سلێمانی بە شێوەیەکی گشتی لە پێوەری گونجانی پیشەیی**

کەواتە بەپێی ئەو ئەنجامەی لە سەرەوە دەرچووە دەریدەخات

| نموونە | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازادی | بەهای تائی هەژمارکراو | بەهای تائی خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 78 | 110.47 | 9.43 | 96 | 77 | 13.55 | 1.69 | بەڵگەدارە |

بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی گونجانی پیشەییان هەیە بە ئاستێکی بەرز. بە بۆچوونی توێژەر هۆکارەکەی لێکتێگەیشتن و هاوکاری و خۆشەویستی نێوان مامۆستایان و ستافی کارگێری و خوێندکارانەوە بێت، وە هەبوونی گیان هاوکاری و دەستپێشخەری لە شوێنی کاردا و زاڵبوون بەسەر باروودۆخە فشاراویەکان و رووبەڕووبونەوەیان، وە خۆ گونجاندن لەگەڵ ژینگەی ئەرێنی و نەرێنی لە ناوەوە و دەرەوەی ژینگەیی باخچە و هەبوونی ئارەزووی کارکردنیان ئەمە پاڵنەرێکی گەورەیە بۆ ئەوان، هەروەها بوونی لێکتێگەیشتن لە نێوان ئەندامانی خێزان و ئەمەش رەنگە گونجاندنیکیان پێبدات لە پیشەکەدا. ئەم ئەنجامەش یەك دەگرێتەوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (عجوة و ابو طیر، 2020)، توێژینەوەی (مام و حنة، 2018)، توێژینەوەی (الشاعر و سبیحة، 2019) ئەم توێژینەوانە دەریانخست ئاستی گونجانی پیشەیی بەرزە لای نموونەی توێژینەوەکەیان.

**ئامانجی چوارەم:**

**أ. (زانینی ئاستی گونجانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز)**

بۆ گەیشتن بەم ئامانجە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی نمرەکانی بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز لەسەر پێوەری گونجانی پیشەیی دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ (independent sample T-test) بە پشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS) دەرکەوت کە نرخی (t) ئەژمارکراو بریتیە لە (1.58) بە نمرەی ئازادی (76)، لە سەر ئاستی بەڵگەداری (0.05)، وەک لە خشتەی ژمارە (11) دیارە.

لەبەر ئەوەی بەهای تائی ئەژمارکراو بچوکترە لە بەهای خشتەیی بەم جۆرەش دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری نیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری گونجانی پیشەییی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز، توێژەر هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی پیشەی بەڕێوەبەری باخچە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە هەستکردن بە ئاسودەیی و سەلامەتی و دڵنیایی لای هەردوو ڕەگەز، هەروەها هەبوونی هەمان ئاستی تموح و کۆڵنەدان و جددی لە کارکردندا و پەیوەندییان بە پیشەکەیانەوە و پابەندبوونیان پێیەوە لای هەردوو ڕەگەز وەکو یەکە، وە دابینکردنی پێداویستیە ماددیەکان و بوونی گیانی هاوکاری و متمانە و خۆشەویستیان بۆ کارەکەیان لای هەردوو ڕەگەز وا لێکردن وەک تیمێک کاربکەن و بگونجێن لە ڕووی پیشەییەوە. ئەم دەرئەنجامەش هاوشێوەی دەرئەنجامی توێژینەوەی (خلو،2019) ئەم توێژینەوەش دەریخست ئاستی گونجانی پیشەیی جیاوازی نیە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز.

**ب. (زانینی ئاستی گونجانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بەپێی جۆری باخچە (حکومی و ناحکومی)**

بۆ گەیشتن بەم ئامانجە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی نمرەکانی بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان بە پێی جۆری باخچە لەسەر پێوەری گونجانی پیشەیی دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ (independent sample T-test) بە پشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS) دەرکەوت کە نرخی (t) ئەژمارکراو بریتیە لە (1.036) بە نمرەی ئازادی (76)، لە سەر ئاستی بەڵگەداری (0.05)، وەک لە خشتەی ژمارە (12) دیارە.

**خشتەی ژمارەی (12)**

**ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونە بۆ نمرەکانی بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری گونجانی پیشەیی بەپێی جۆری باخچە**

لەبەر ئەوەی بەهای تائی ئەژمارکراو بچوکترە لە بەهای خشتەیی بەم جۆرەش دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری نیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری گونجانی پیشەییی بە پێی جۆری باخچە.بە بۆچوونی توێژەر هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە بەڕێوەبەران لە هەردوو جۆری باخچە (حکومی و ناحکومی) وەک یەک هەست بەخۆشی و دڵنیایی و ئاسودەیی و سەلامەتی و جێگیرو ڕێزگرتن دەکەن لە ژینگەی کاردا، هەروەها دابینکردنی هاندانە ماددی و ئەخلاقییەکان و تێپەڕاندنی بارودۆخی دەوروبەریان کە ئەوانە بەرهەمی سەرکەوتن و گونجان لە چالاکی پیشەیی بە دەست دەهێنێت لە هەردوو جۆری باخچە وەکو یەکە،ئەم دەرئەنجامەش یەکانگیر نیە لەگەڵ هیچ کام لە توێژینەوەکانی پێشوو.

**ئامانجی پێنجەم :**

**زانینی پەیوەندی لە نێوان کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی و گونجانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی**

بەمەبەستی زانینی سروشتی پەیوەندی نێوان کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی و گونجانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان توێژەر هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (معامل ارتباط بيرسون) بەکار هێنا بە پشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS). لە ئەنجامدا دەرکەوت نرخی پەیوەندی لە نێوان هەردوو گۆڕاوەکە یەکسانە بە (0.34). واتە پەیوەندیەکی پۆزەتیڤی لاواز هەیە لە نێوان کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی و گونجانی پیشەیی .کە ئەنجامەکەی لە خشتتەیەی ژمارە (13) خراوەتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (13)**

**ئەنجامەکانی دۆزینەوەی هاوکۆلکەی پەیوەندی لە نێوان کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی و گونجانی پیشەیی**

| گۆڕاوەکان | نموونەی توێژینەوە | نرخی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن | ئاستی بەڵگەداری ئاماری 0.05 |
|---|---|---|---|
| کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی<br>گونجانی پیشەیی | 78 | 0.34 | o. o1بەڵگەدارە |

ئەم خشتەیەی سەرەوە پەیوەندی نێوان کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی و گونجانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان ڕوون دەکاتەوە واتە پەیوەندیەکە پەیوەندیەکی ڕاستەوانەیە ئەگەر کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی بەرز بێت ئاستی گونجانی پیشەیش بەرز دەبێت وە بە پێچەوانەشەوە، توێژەر هۆکاری ئەم ئەنجامە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە ئاستی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی گونجانی

پیشەیی لەناو بەڕێوەبەرانی باخچە وە بە پێچەوانەوەشەوە گونجانی پیشەییش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی، چونکە کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی بریتییە لە ڕێکخستنی خود کە یارمەتی تاک دەدات بە ئاگاییەوە ڕووبەرووی بارودۆخەکان و فشارو سەختیەکانی ژیان ببێتەوە وە بڕیاری دروست بدات، ئەمەش ئەگەری سەرکەوتنی تاک زیاد دەکات لە ئەنجامدانی کارەکانی وا لە تاک دەکات گونجانی پیشەیی هەبێت لەگەڵ هاوڕێ و هاوپیشەکانی داو وە سەرکەوتوبێ لە مامەڵەکردن و پەیوەندیکردنی لەگەڵ کەسانی تردا... کۆنترۆڵکردنی هەڵچونی و گونجانی پیشەیی تایبەتمەندی ئەو کەسانەیە کە کەسایەتییەکی بەهێزو تەندروستی دەروونی باشیان هەیە. ئەم دەرئەنجامەش لەگەڵ هیچ کام لە توێژینەوەکانی پێشوو یەکانگیر نیە.

## دەرئەنجامەکان

دوای خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و شیکردنەوەیان توێژەر بەم ئەنجامانە گەیشت:

1- ئاستی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لە ئاستێکی بەرزدایە لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بە شێوەیەکی گشتی.

2- أ.جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نەبوو بۆ ئاستی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر و مێ) .

ب. جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نەبوو بۆ ئاستی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بە پێی جۆری باخچە (حکومی و ناحکومی) .

3- ئاستی گونجانی پیشەیی لە ئاستێکی بەرزدایە لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بەشێوەیەکی گشتی.

4- أ.جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نەبوو لە ئاستی گونجانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر و مێ) .

ب. جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نەبوو لە ئاستی گونجانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بە پێی جۆری باخچە (حکومی و ناحکومی)

5- پەیوەندیەکی ڕاستەوانەی هەیە لە نێوان کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی و گونجانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی.

## ڕاسپاردەکان

بە پێی دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە توێژەر چەند ڕاسپاردەیەک بۆ دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم دەخاتەڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. هەرچەندە کە بە پێی دەرئەنجامەکان ئاستی بەریوەبەران بۆ کۆنترۆڵی هەلجوونی و گونجانی پیشەیی بەرزە بەڵام دەکرێت بۆ زیاتر پەرەپێدانی توانای بەڕێوەبەرانی باخچە بە هاوکاری سەرپەرشتیارانی بەرپرس بەرێگەی پێدانیان بۆ زانینی ئەنجامی توێژینەوەی زانستییانەکان و بانگهێشتکردنیان بۆ کۆنفرانس و سیمینارەکان بۆ ئاگادارکردنەوەیان لە نوێترین ڕەوتەکان.
2. هەروەها ئەنجامدانی خول بۆ پەرەپێدانی تواناکانی بەڕێوەبەران لە سەر پلاندانان و جێبەجێکردنی کارامەییەکانی فێرکردن و بەڕێوەبردن بە پێی سیستەمی بەڕێوەبردن و ساڵنامە.
3. پێدانی پاداشتی ساڵانە بە بەڕێوەبەرانی باخچە بە مەبەستی هاندانیان بۆ مانەوە لەم ئاستە باشەی لێهاتووییەکانیان لە کارکردن بۆ کەرتە پەروەردەییەکان.
4. زیادکردنی هاوکاری لە نێوان بەشەکانی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵای کوردستان، بەشی چاودێری، بەشی کارگێری باخچەکان، لەگەڵ سەرپەرشتی تەکنیکی و ڕاهێنانی بەڕێوەبەرانی باخچە و مامۆستایان.
5. تەرخانکردنی شوێن لەناو دامەزراوە پەروەردەییەکان (باخچەی منداڵان) بۆ نەهێشتنی گرژی و تەشەنوج و فشار، وەک ژووری تایبەت بۆ ئیسراحەتی دەروونی.

**پێشنیارەکان:**

لەبەر ڕۆشنیایی ئامانجەکانی توێژینەوەکە توێژەر چەند پێشنیارێکی پەروەردەیی خستە ڕوو ئەوانیش بریتین لە:

1 . ئەنجامی توێژینەوەیەک لەسەر پەرەپێدانی بەرنامەکان بۆ ئامادەکردنی بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان لە بەر ڕۆشنایی پێشهاتەکانی دوایی باخچەکاندا.

2 . ئەمجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لەگەڵ فراوانکردنی نموونەی توێژینەوەکە واتە ناوچەو پارێزگاکانیتر بگرێتەوە.

3 . ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی و پەیوەندی بە گونجانی پیشەییەوە لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان.

4 . ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕوی بەڕێوەبەرەکانی باخچە دەبێتەوە.

5. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر کاریگەری بەرنامەکانی ئامادەکردن و ڕاهێنانی مامۆستایان لە باخچەی منداڵان لە ژێر ڕۆشنایی ڕەوتی سەردەمدا.

## سەرچاوەکان


یەکەم: سەرچاوە کوردیەکان

1. بۆکانی، صابر مصطفى (2020): ئینسکلۆپیدیای زانستە دەروونیەکان، چ(1)، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، هەرێمی کوردستان.

دووەم: سەرچاوە عەرەبیەکان

کتێبەکان

1. العجمي، محمد حسنين(2000): الإدارة المدرسية ،دار الفكر العربي، القاهرة.
2. الشاهين و عبدلعزيز و فاطمه محمد صراف(-)، الدورة التدريبية للمشرحات للوظائف الاشرافيةوظيفة مدير و مساعد، ط1.
3. الداهرى ،حسن(2005): سيكولوجية التوجين المهنى و نظرياته،ط1، دار وائل ،عمان. (نقل عن ضغوط العمل و علاقتها بالتوافق المهنى لدى الممرضين، نوارة تيلاييج، نعيمەمخلوق، ٢٠١٧، جامعة العربى بن مهيدى ، ام البواقى ، كلية العلوم الاجتماعية و الانسانية، قسم العلوم الاجتماعية).
4. الخالدى، اديب (2002): المرجع فى الصحة النفسية: ط2، الدار العربية للنشر و التوزيع، المكتبة الجامعية، غريان: ليبيا (نقل عن: ريان، محموس اسماعيل محمد (2006): الاتزان الانفعالى و علاقته بكل من السرعة الادراكية و التفكير الابتكارى لدى طلبة الصف الحادى عشر بمحافظات غزة)

توێژینەوەکان:

1. الرواحية، بدرية محمد يوسف(2016 ): التوافق المهني وعلاقته بالفاعلية الذاتية المدركة لدى عينة من الموظفين في المديرية العامة للتربية والتعليم بمحافظة الداخلية .رسالة لاستكمال متطلبات الحصول علي درجة الماجيستر في االرشاد والتوجيه. كلية العلوم واآلداب. جامعة نزوى.
2. زروقة، هشام و قبقوب، عيسى الثقافة التنظيمية وعالقتها بالتوافق المهني دراسة ميدانية على موظفي مؤسسة اتصاالت الجزائر – فرع بسكرة .
3. سمور،احلام(2012):المسايرة-المغايرة و علاقتها بالتوكيدية و الاتزان الانفعالى لدى طلبة الصف الحادى عشر،رسالة ماجستير غير منشورة،كلية التربية،الجامعة الاسلامية بغزة.
4. عداد،وسام (2017): الامراض المهنى و علاقتها بالتوافق المهنى لدى مدراء التعليم المتوسط و الثانوى، دراسة ميدانية فى ولاين ام البواقى-الجزائر.
5. حسن، وسام محمد (2015): نموذج مقترح لتطوير واقع التنمين المهنين لدى مدير رياض الاطفال فى الجمهورية العربين السورين فى ضوء مدخل الجودة شالمة و التجربتين الامريكينه و البرطانين و الدارة الترين، الاطروحة الدكتوراة، جامعة دمشق، كلية التربية، قسم التربيه المقارنن. دمشق.
6. زروقة، هشام و قبقوب، عيسى (2017:) الثقافة التنظيمية وعالقتها بالتوافق المهني دراسة ميدانية على موظفي مؤسسة اتصاالت الجزائر – فرع بسكرة

سەرچاوە فارسیەکان:

1. لطف ابادى (2015): رشد كاربردى نوجوانى و جوانى سازمان ملى جوانان، تهران. (وەرگیراوە لە: سالار عبدلملكى و ئەوانى تر(2015):بررسي رابطه جو عاطفي خانواده و كنترل عواطف با گرايش به اعتياد، مجله خانواده پژوهش،65.2016،ژ48).

سێیەم: زمانی ئینگلیزی

1. Gratz, K. L., & Roemer, L. (2004). Multidimensional assessment of emotion regulation and dysregulation: Development, factor structure, and initial validation of the difficulties in emotion regulation scale. *Journal of Psychopathology and Behavioural Assessment, 26*(1), 41–54
2. Gross JJ (2002): . Emotion regulation: Affective, cognitive, and social consequences. Psychophysiology; 39: 191-281
3. Thompson, R.J., Dizén, m, Berenbaum, H (2009): The unique relations between emotional awareness and facets of affective instability. Journal of Research in. Personality. 43: 875–9
4. Yiğit, A., Özpolat, A., & Kandemir, M (2014): Emotion regulation strategies as a predictor of life. satisfaction in university students. Psychology, 5, 523-532
5. Li L, Zhu X, Yang Y, He J, Yi J, Wang Y(2015): Cognitive Emotion Regulation: Characteristics and Effect on Quality of Life in Women with Breast Cancer. Health Qual Life Outcomes; 13(1): 51.
6. Dunham Y, Baron AS, Banaji MR((2008): the Development of Implicit Intergroup Cognition. Trends Cong Sci 12(7): 248 -53
وەرگیراوە لە (سميه جان نثارى،على شاكر دولق :٢٠١٨: نقش كنترل عواطف، بهزيستى روانى و رفتارهاى خودمراقبتى در پيشبينى كيفيت زندگى بيماران قلبى عروقى، مجله علمى پزوهشى دانشگاه علوم پزشكى شهيد صدوقى يزد، 27).

**خشتەی ژمارەی (9)**

**ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونە بۆ نمرەکانی بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی بە پێی جۆری باخچە**

| جۆری باخچە | نموونەی توێژینەوە | ناوەندی ژمێری | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی هەژمارکراو | تائی بەهای خشتەیی | بەڵگەداری ئاماری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| حکومی | 52 | 163.80 | 15.19 | 76 | 1.08 | 1.69 | بەڵگەدار نیە 0.280 |
| ناحکومی | 26 | 159.76 | 15.95 | | | | |

**خشتەی ژمارەی (11)**

**ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونە بۆ نمرەکانی بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری گونجانی پیشەیی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز**

| جۆری باخچە | نموونەی توێژینەوە | ناوەندی ژمێری | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی ئەژمارکراو | بەهای تائی خشتەیی | بەڵگەداری ئاماری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| حکومی | 52 | 109.69 | 9.42 | 76 | 1.036 | 1.69 | بەڵگەدار نیە 0.303 |
| ناحکومی | 26 | 112.03 | 9.41 | | | | |